# جینایەتی تازەی هێزەکانی ڕێژیم

هێزەکانی رژێم لە کوردستان هەر رۆژە و جینایەتێکی تازە دەخولقێنن. شەوی یەکشەنبە 2004/12/5 ژمارەیەک کرێ کولْ کە لە بەر هەژاری و بێ دەرەتانی بۆ وە دەست خستنی نانی رۆژانەیان سەخت و دژوارترین کاریان هەلْبژاردووە و هەر ئان لە گەلْ خەتەری نەمان بەرەو روون، لە نێوان خانی و قزقاپان دەکەونە کەمێنی هێزەکانی ئینتزامی رژێمەوە و لە ئاکام دا ماشێنێک وەبەر دەستڕێژی کەوت هەلْدێردرا و سەرنشینەکانیشی بریندار بوون. ماشێنەکە کە خاوەنەکەی ناوی " جەلالە سوورە" لە لایەن هێزەکانی رژێمەوە دەستی بە سەر دا گیرا. ناوی دوو نەفەر لە بریندار بووەکانیش: بە مجورەن: 1- محەمەد 2- جەعفەر سەردەشتی.

بەمبۆنەیەوە ئەو پەری نارەزایی و دلْگرانی خۆمان بەرامبەر بە ئاکاری نا مرۆڤانەی هێزەکانی رژێم لە کوردستان دەردەبڕین کە بە هەر بیانوویەک دەیانەوێ چووکترین دەرەتانی ژیان لە ئینسانی کوردی چەوساوە بستێنن. ئاواتی هەر چی زوو سارێژ بوونەوەی برینی بریندارو نەخۆشەکانی ئەو رووداوە دەکەین.

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

2004/12/10

www.ruk2691.com
ruk2691@yahoo.com